# عارف محمد عارف :
# ئـــەو هـــەمووگـــۆڕەش دەبیـــنم، باوەڕناکەم منداڵەکانم نەمابن



دیدار: عومەر محەمەد

شوێن : گوندی کلێسە – قەزای کۆیە

ڕۆژی ٧ی شوباتی ٢٠١٢

کات : ١ی پاش نیوەڕۆ.

عـــارف جوتیـــارێکی هـــەژاری گونـــدی کلێســـەیەو جاربـەجاریش خـەریکی ڕاوەماسـی دەبێـت، لـە دایـك بـووی سـاڵی 1955 ی گونـدی کلێسـەی دەشـتی کۆیەیـە، کاتێـك چـاوم پێـی کـەوت بێزارییـەکی زۆر بەڕوخسـارییەوە دیـاربوو، لەپـەلاماری ئـەنفالی چـواردا مـامزی هاوسـەری‌و کـچ‌و کوڕەکـەی ئـەنفالکراون، بـەڵام ئـەوە خەمێکـە هـەرگیز لـەکۆڵی نابێتـەوە. مـن پرسـیاری ئـەوەم لێ نـەکرد کێـت ئـەنفالکراوە بـەڵکو پرسیم چـەند کەسـتان ئـەنفالکراوە بـەڵام ئەویەکسـەر ئاوا وەڵامی دامەوە :

جـاکێم ئـەنفال نییـە، ئەوکێلانـەی لـە "مۆنۆمێنـت"ە کـەی گونـدی کلێسـە دەیـانبینی هـەمووی خزموکەسـوکارمن. هەرەدوورەکـەیان ئامۆزامـە، یـان خاڵۆزامە، پوورزامە، خوشکەزامە...

**منداڵەکانی خۆت چەندیان ئەنفالکراوە؟**

سـێم ئـەنفالکراون( کچـێك‌و کوڕێـك‌و خێزانەکـەم). لـەماڵی خۆمـان تـەنها خـۆم‌و کچـێکم لـەکورەی ئـەنفال چووین.

**ناویان چی بوو؟ تەمەنیان چەند بوو؟**

خێزانەکـەم نـاوی (مـامز) بـوو لـە دایـك بـووی 1968 ، کچـەکەم (نیگـار) لـە دایـك بـووی 1987. کوڕەکەشـم (ڕێبـوار) لـە دایـك بـووی 1984. فـەقیری مـاڵی خۆمـان بووین بەعس ئاوا ماڵی وێرانکردین .

**خەڵکی کلێسە کەسیان چەکدار نەبوون؟**

چەکمان هەبوو، بەڵام پێشمەرگە نەبووین.

**ئەو کات تۆ خۆت بەچییەوە سەرقاڵ دەکرد؟**

جووتیـاری‌و، ئاژەڵمـان هـەبوو، خـەریکی تـووتنیش بووم.

**تۆســـەرەتا وتـــت قســـەت بـــۆ ناکـــەم، بـــەڵام ئـــەوەتا قسەشت کرد؟**

لـە ڕاسـتیدا، حوکمـەت ئەوەنـدەی ڕیکـلام دەکـات بـۆ تەماتەوپەتاتـەو، بـۆ "جـبس"، دەبوایـە ئێمـە هەمیشـە لەسەر "تەلەفیزۆن"ەکان بووینایەوقسەمان بکردایە.

**بەڵام خۆمن حکومەت نیم ؟**

**دەزانم ئەوەنیە قسەت بۆ دەکەم ؟**

**کاك عارف من چەند جارێك هاتووم بۆ ئەم گوندە!**

بەخێر بێیت سەرچاو.

سوپاس

**تۆ گۆڤاری "ئەنفالستانت بینیوە؟**

گۆڤارەکـــەم هەیـــە بـــەڵام خوێنـــدەواریم نیـــە، جـــا ئەگەرخوێندەواریشم نەبوو، وەك ئەوە وایە نەمبێ.

ئەی کەس نییە بۆت بخوێنێتەوە؟

باهەمە، بەڵام خۆت نەیخوێنیتەوە، من بەلامەوە هیچ نییە.

سالّی پار ئەنفالستان پێشنیارێکی ڕاگەیاند، خەڵکی گوندی کلّیسە هەمووی پێشوازی لیّ کرد، ئەویش ئەوەبوو کە ڕۆژی ئەنفال بکرێتە ڕۆژی "سەرنەبڕین"، واتە لەچێشتخانەومالانیشدا ئەو ڕۆژە گۆشت نەخورێت، وەك ڕێزێك بۆ ئەو کەسانەی کە لە زیندان سەموونێکیشیان دەست نەکەوت. بیّ گومان ئەنفالی ئەم ناوچەیەش لەمانگی ڕەمەزاندا بوو .

من پێم باشە کورد هەرگیزگۆشت نەخوات.

قسەیەکی جوانە بەڵام ئەوپێشنیارەت گرانە، ئەگەر بلّێی کورد گۆشت نەخوات !

کورد هەق نیە هیچ پەلەوەروئاژەلێك سەربریّ .

**سەبارەت بەجاشەکان دەلّیی چی ؟**

بەلای منەوە ئەوەی یەك کاتژمێر چەکی هەلّگرتبێت بۆئەو ڕژێمە، ئەگەر ڕۆژی مەحکەمە خوای گەورە من بکات بەحاکم.. وەلّاهی پێنسەت سالّی سزا دەدەم.

**تۆ وەك ئەوەی کە خزموکەسوکارت ئەنفالکراون، ڕۆژیّ چووی بۆ دادگا سکالاّ تۆماربکەی؟**

نا بۆچی بچم ؟

**بەلای کەمەوە باسکالاّیەکت هەبیّ؟**

باشە تۆ پێم بلّیّ بۆچی هەبیّومن بچم چیبکەم!

**چونکە تۆ دۆسیەیەك بۆ تۆمەتبارێك ئەکەیتەوە.**

لای کیّ سکالاّ تۆمار بکەم؟

**لەدادگا.**

ئەودادگایەی من سکالاّی لا تۆماردەکەم، حاکمەکەش یەکێکە وەکو من، پێویست بەوە ناکات من بچم سکالاّی لەلاتۆمار بکەم.

**بەلّام ئەوەتا کەسێکی وەك سەدام حسێن بەسزای خۆی گەیشت !**

خوای گەورە نەك سەدام حسێن هەزاران کەسی وەك ئەوی لەناو بردووە. خەلّك هەبووە لەسەدامیش



خراپتر بووە، لەناوبراوە.

**باشە بەبڕوای تۆ حوکمەتی هەرێم چی بکات باشە؟**

حوکمەتی هەرێم هیچی نەکردایە دەبوایە گوندەکانی ئاوەدان بکردایەتەوە، چونکە هەم دلّی ئێمە فراوان دەبوو، هەم ئێمە مەیلێکمان دەبوو بەلای حوکمەتی هەرێمدا، بۆ خاكو نیشتیمانەکەمان، وە هەم ئەم ئەرکانە لەسەر حوکمەت نەدەما لە سەردەمی سەدام حسێندا لە ٪45 شار بوو، لە ٪55ی لادیّ بوو. ئێستا لە ٪95–98ی شارەوئەوی تری لادێیە. بۆیە ئەگەر گەنجێك لەبازاڕ نارەزایی دەربڕیّ بەرامبەر حوکمەت، پێنج سەد کەس بەدەاوی دەکەویّ، چونکە هەمووی لەشارەو بێکارە. بەلّام ئەگەر گوندەکان ئاوەدان بکاتەوە، باشترە. هەربۆنمونە ئێمە ئەگەرهەموومان کۆبکەیتەوە 250 مالّ دەبین، بەلّام 30 مالّ لە کلّێسە دا نیشیّونیوەی پیرەمێردە.

**من هەست بە ئازارەکانت دەکەم .**

من دووئازارم هەیە لەئەنفال، یەکەمیان کەسوکارم ئەنفالە، خەلّکی ناوگوندەکەمان هەموویان جوانو چاكو ڕێكو پێك بوون، هەموو ئەنفالبوون.

دووهەمیان ئەوەیە پێموایە کچان‌وژنانی گەنجی نەکوشتبێ و توشی کێشەی تری کردبن.

**وەکو چی ؟**

خۆت دەیزانی ( وەستان) پێویست ناکات من هیچ بلێم .

**خێزانت پێکەوە ناوەتەوە ؟**

بەڵێ .

**کەی خێزانت پێکەوە نایەوە؟**

1994\7\1

**تا کەی چاوەڕێی خێزانی یەکەمت کرد ؟**

وەڵا هەتا ئێستاش هەرچاوەڕێیان دەکەم. باوەڕناکەم مردبن.

**بۆچی باوەڕ ناکەیت ؟ مەبەستم ئەوەیە چی وات لێدەکات هەرچاوەڕوانبیت ؟**

باوەڕناکەم بەدەست خۆم نییە. ئەوهەموو گۆڕەش دەبینم باوەڕم نییە کە منداڵەکانم نەمابن .

**هیچت پێ شك دێت ؟ کە گومان لەمانیان بکەیت ؟**

باوەرم وایە ماون ..

**ئێستا چەندمنداڵت هەیە؟**

پێنجم هەیە، لەگەڵ ئەوەی کەبەجێماوە دەبێتە شەش.

**هیچیان بەوناوانەی پێشووە ناونەناوەتەوە؟**

نەخێر.

**تۆ لەوباوەڕەدای کوردێك هەبێت بە قەدەرخۆتان بەپەرۆش بێت بۆئەو کەسانەی ئەنفالکران ؟**

هەرکەسەوویژدانی خۆی، بەڵام نەدەتوانم بڵێم هەیە، نەدەتوانم بڵێم نییە. ڕەنگە هەبێت لە من پەرۆشتر بێت گەرموسڵمانیش نەبێت تەنها بۆئەو ڕووداوانە، بۆ کیمیاباران‌وئەنفال.

**کۆمەڵگای کوردی تاچەند ڕێزت لێ دەگرن وەك کەسوکاری ئەنفال؟**



**مامز یاسین تاهیر**

لە خوا بەزیاد بێت بێ ڕێزیم بەرامبەرنەکراوە هەتائێستا. وەك کەسوکاری ئەنفال سەرمان بەرزە.

**ئەی وەکو حوکمەت؟**

حوکمەتیش بەقسە ڕێزمان لێ دەگرێ، بەڵام وەك کردەوە.. کردەوەی نییە.

**ئێستا ئەوچاوپێکەوتنەی لەگەڵتدا کردم، من بۆ هیچ رادیۆو تەلەفیزۆنێکم نییە، پێت خۆشە بلاوبکرێتەوە یانا؟**

بەکەیفی خۆت، بلاوی دەکەیتەوە پێم ناخۆش نییە، بۆیادگاری هەڵی دەگری پێم ناخۆش نییە.

**سوپاس**

سوپاس بۆتۆش .